# خۆکوژی ژنان و ڕازی هەڵبژاردنی ئاگر

عەتا نەهایی

## ١

چوار ساڵ لەمەوبەر، ئەو ڕۆژانە کە یەکەم لاپەڕەی «باڵندەکانی دەم با»م ئەنووسی، بە دوو شتم نەئەزانی. یەکەم: نەمئەزانی ئەو لاپەڕە، یان ئەو دوو لاپەڕە کە دواتر بوونە بەشی بەرایی و بێژمارەی ڕۆمانەکە، گێڕانەوەی خەونی ئاڵۆزی پیاوێکە کە زۆر شەو دووبارە ئەبێتەوەو لە ئەنجامدا بە واقیعی ژیانی ئافرەتی چیرۆکەکەوە ئەبەسترێتەوە. نایشارمەوە کە خۆم چەند جار ئەو خەونە ئاڵۆزەم دیبوو. هەموو جارێکیش کە بەئاگا ئەبوومەوە لە خۆمم ئەپرسی: من لە کوێم کاتێک ئافرەتی بێناوونیشانی ئەو خەونە ئاڵۆزە ئەبێتە گڵۆڵە گرێک و... لە خۆمم ئەپرسی بۆ هیچ هەڵوێستێکم لە بەرامبەر ئەو خۆسووتاندنەدا نییە ؟ ئەم پرسیارە و کۆمەڵێک پرسیاری تری لەم بابەتە هەستی تاوانباریان لە مندا ئەورووژاند. ڕەنگە یەکێک لە هۆکانی بەردەوامیم لە گێڕانەوە و نووسینی تاسەری ئەو ڕۆمانە، خۆقوتارکردن لەو هەستە تاڵە بووبێ کە لە ئەنجامی دەستەوەستانی و بێهەڵوێسیتم بەرامبەر بەو خۆسووتاندنە، سەریهەڵئەدا.

دووهەم: ئەوەشم نەئەزانی کە نزیکەی ساڵێک دوا نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانە لە شارە بچووکەکەی خۆمان و لە چەند شارێکی تر، چەند نموونەی یەک لەدوا یەکی خۆسووتاندنی ژنان ڕووئەدا کە هیچ بڵاوکراوەیەک هەواڵەکانی بڵاوناکاتەوە، هیچ نووسەرێک لەسەریان نانووسێ. ئەڵبەت ئەدەب و بەتایبەت ئەدەبی داستانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو دەور و کاریگەریەی نییە کە من پێموابێ تەنانەت یەک کەس لەو ژنانە کە خۆیان سووتاندووە، ئاگاداری ئەو ڕۆمانە بووبن، یان خوێندبێتیانەوەو، ئەو گێڕانەوەیە بەشێوەیەک دەوری لەو خۆکوژی و خۆسووتاندنە یەک لەدوا یەکانە بووبێ.

خۆکوژی و بەتایبەت خۆسووتاندنی ژنان لە زۆر شوێن و لە کۆمەڵگای ئێمەشدا پێشینەیەکی دوورو درێژتری لەم چەند نموونە تازەیە هەیە.

خۆکوژی و بەتایبەت خۆسووتاندن بەهەر هۆو، لە ئەنجامی هەر پاڵنەرێکی شەخسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی و ئیدیۆلۆژیکیش، وەک جۆرێکی زەق و داچڵەکێنەری توندوتیژی مرۆڤ دەرهەق بەخۆی، لەگەڵ ئەوپەڕی بێزاری و ناڕەزامەندی گشتی لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. ڕاستە کە ئەم بێزاری و ناڕەزامەندییە گشتییە گەلێک جار لەگەڵ هەندێک هەستی جیاوازی وەک بەزەیی پێداهاتنەوە، خۆبەتاونبار زانین و، تەنانەت بۆ ئەو نموونانە کە پاڵنەری سیاسی و ئیدیۆلۆژیکیان هەیە، ستایشکردنی جەسارەت و ئازایەتی کەسی خۆکوژەکە ئاوێتەئەبێ، بەڵام ئەم هەستە جیاواز و دژ بەیەکانەش ئەوەندە که پەیوەندیان بە کەسی خۆکوژ، هەلومەرج و پاڵنەرە سەرەکییەکانی خۆکوژییەوە هەیە، ئەوەندەش بۆ هەستیاری خاوەنی هەستەکە و شعوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاستی تێگەیشتنی لە کێشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و هەروەها دیدو بۆچوونی بەرامبەر بە چەمکگەلێکی فەلسەفی وەک مان و نەمان، ژیان و مەرگ و... ئەگەرێتەوە. لە هەرحاڵدا وێرای هەموو ئەم هەستە جیاوازانە، کە زیاتر هەستی شەخی و تاکەکەسین تا ئێستاش ڕای سەرەکی و گشتی کۆمەڵ بۆ کردەی خۆکوژی و کەسی خۆکوژ، هەمان بێزاری و ناڕەزامەندییە. بێزاری و ناڕەزامەندیەک کە لە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەی بێدەربەستی و بێهەڵوێستی گشتی و هەوڵ بۆ شاردنەوە و فەرامۆشکردنی، دەرئەکەوێ. بێدەنگی میدیاو ڕۆژنامەکان لە ئاستی ڕاگەیاندنداو نەبوونی هیچ ڕاپۆرت و لێدوان و خوێندنەوەیەکی مەیدانی ... هەموو ئەمانە بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە کە یەکەمیان خۆدزینەوەیە لەدەرکەوتن و ئاشکرابوونی بێتوانایی نووسەرو ڕۆژنامەگەرەکان بۆ خوێندنەوەی کردەی خۆکوژی و خۆسووتاندن، دووهەمیان خۆدزینەوە لەوکێشە و سەرئێشە کۆمەڵایەتییانەیە کە دوا ڕاگەیاندن یان لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی ئاوا ـ بەهەر بارێکدا ـ تووشی نووسەر ڕۆژنامەگەر یان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکە ئەبێ. لە هەرحاڵدا ڕانەگەیاندن، نەخوێندنەوە و خۆلێنەبان کردن لە دیاردەی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان تەنیا یەک ئەنجامی لێئەکەوێتەوە کە ئەویش پێداگری لەسەر ئەو ناواقیعەیە کە خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوودانی مەرگێکە وەک هەموو مردنەکانی تر. مردنێکی سروشتی و ئاسایی بێ هیچ تایبەتمەندی و بێ هیچ پەیام و مانایەک.

## ٢

خۆکوژی بەمانای وازهێنان وپشتهەڵکردن لەبوون و ژیان، دواکردە و هەڵوێستی مرۆڤە لە هەمبەر ژیانی تاکەکەسی خۆیدا. بڕیاری خۆکوشتن بەهەر هۆ و پاڵنەرێک، بەرئەنجامی

نەخشە و پلان و بیرلێکردنەوەی دوورو درێژ بێ، یان هەڵچوون و دەمارگرژیەکی ئان و ساتی، بڕیاری هەڵبژاردنی مەرگە وەک هەڵبژاردنێکی شەخسی و تاکەکەسی لە بەرامبەر ئیمکانی ژیان کە زۆربەی بەهاو ماناکانی لە گشت و کۆمەڵ وەرئەگرێ. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی مەرگ لەلایەن کەسی خۆکوژەوە تەنیا بە هۆکاری شەخسی و تاکەکەسی بزانین. بێگومان لەپشت هەموو بڕیارێکی خۆکوشتنەوە کۆمەڵێک هۆی شەخسی و تاکەکەسی بەرجەستە ئەکرێنەوە، بەڵام حاشا لەو ڕاستیەش ناکردرێ کە زۆربەی هەرەزۆری هۆکارەکانی خۆکوشتن، تەنانەت هۆکارە سایکۆلۆژییەکانی کەسی خۆکوژیش، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵ و، ژیان لەناو کۆمەڵگادا سەرچاوەئەگرن. هەڵبژاردنی مەرگ، بۆ کەسی خۆکوژ تەنیا هەڵبژاردنی مردن نییە، هەڵبژاردنی بەدیل و ئاڵتەرناتیڤی ژیانە. هیچ کەسێکی خۆکوژ تەنیا لەپێناوی مردندا (کە ڕووداو و بابەتێکی تاکەکەسییە) خۆی ناکوژێ، ئەو خۆی ئەکوژێ چونکە حەزناکات بژی (ئەمەش ڕووداو و بابەتێکی گشتی و کۆمەڵایەتییە). کەواتە بۆ خوێندنەوەو لێدوان لە بابەتێکی وەک خۆکوژی بەگشتی و، خۆسووتاندنی ژنان بەتایبەت، ناچارین ئاوڕی جیدی لە کۆمەڵگاو ئەو مەیدان و پانتا سیاسی و ئابووری و فکری و فەرهەنگییانە بدەینەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی لەو مەیدان و پانتایانەدا شکڵ و مانا وەرئەگرێ. تەنانەت ناچارین بۆخوێندنەوە و وردبوونەوە لە بابەتەکە لە هەرکام لەم مەیدانانەشدا ڕوانینێکی مێژووییمان ببێ.

من نازانم و بەداخەوە ئاگام لەوە نییە چ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر خۆکوژی کراوە. ئەوەندە ئەزانم لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تری مەعریفە و تێگەیشتنی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی و جیهانی دەوروبەری ئەگۆڕێ. هەروەها لە سەردەمێکی مێژوویشدا، لە کولتوور و فەرهەنگێکەوە بۆ کولتوورو فەرهەنگێکی تر، جیاوازی ڕاو بۆچوونی گشتی بەرامبەر بەم کردە هەیە، کە لە جیاوازی بۆچوون و تێگەیشتن لە چەمکگەلێکی وەک بوون و نەبوون، ژیان و مەرگەوە سەرچاوەئەگرێ.

بەپێی تێگەیشتنی کۆمەڵگای کوردی کە سەرچاوەی لە فەرهەنگی ئایینی و بەتایبەت ئیسلامیدایە، مەرگ هەقە. بەڵام ئەم هەق بوونەی مەرگی مرۆڤ، بەمانای ناهەقی ژیان و بەرامبەریی لەگەڵ نەبووندا نییە. بەم تێگەیشتنە مەرگی مرۆڤ قۆناغی پەڕینەوەیە لە جۆرێک و شێوازێکی ژیان بۆ جۆرێک و شێوازێکی تری. مرۆڤ ئەمرێ، واتە لە ژیان و بوونی ناو ئەم دنیا مادییە ئەپەڕێتەوە بۆ ژیان و بوون لە جیهانێکی نامادی و مەعنەوی. مەرگ دوا یانەی ژیانێکی سنووردار و یەکەم یانەی ژیانێکی سەرمەدی و هەتاهەتاییە. بەم بۆچوونە ساتەوەختی مردن، ساتەوەختی جیابوونەوەی گیانە لە لەش. کەواتە مەرگ گۆڕانی شکڵ و

شێوازی ژیانە. ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆتایی پێدێ و لە ئاسمان دەستپێئەکات. لەم فەرهەنگەدا هەقبوونی مەرگ بەمانای چاک یان خراپ، پیرۆز یان دزێو بوونی نییە. ئەوەی چاک یان خراپ، پیرۆز یان دزێوە ژیانی بەرلەمەرگ و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوە و هەڵبژاردنی مەرگە.

مەرگ، وێڕای خولیای دێرینی مرۆڤ بۆ نەمری و بوونی هەتاهەتایی، کە زۆربەی خوێندنەوە جیاوازەکانیش بۆ مردن لەسەر بەستێن و بونیادی ئەو خەون و خولیاو ئاواتانە بونیادنراون، قەدەرێکی نەگۆڕ و واقیعێکی حاشا هەڵنەگرە. تا ئێستا هیچ ئیمکانێک بۆ خۆدزینەوەی ئێجگارەکی لە مەرگ و بەردەوامی ژیان لەم دنیایەدا نییە. بەپێی واقیعەکانی ژیانی مرۆڤ، دوو جۆری سەرەکی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم قەدەرەدا هەیە، کە دەکرێ بە دوو جۆری سەرەکی مردن وێنای بکەین. یەکەمیان مەرگێک کە خۆیمان بەسەردا فەرز ئەکات بەبێئەوەی ئێمە هیچ دەورێکمان لە هەڵبژاردنی کات و شوێن و شێوازیدا بووبێ. ئەمە جۆری ئاسایی مەرگە. بەڵام جۆرێکیتری نائاسایی مەرگیش هەیە کە مرۆڤ بە هەر ڕادەیەکی زۆرو کەم دەوری لە هەڵبژاردنی کات و شوێن و شێوازیدا هەیە.

ئەم مەرگە نائاساییە لە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای ئێمەدا دوو جۆری مەرگی پیرۆز و مەرگی دزێو ئەگرێتەوە. مەرگی پیرۆز، زۆر بە کورتی، هەڵبژاردنی مەرگە لە پیناوی ڕزگاری مرۆڤ لە قۆناغی دووهەمی ژیانیدا کە ژیان لەو دنیایەی دیکەیە. ڕزگاری مرۆڤ مژدەو بەشارەتێکە کە ئایین ئەیکاتە قەرەبووی بەرجەستە کردن و بڵاوکردنەوەی بەهاو بایەخەکانی لە ناو کۆمەڵگادا. بەم بۆچوونە ڕزگاری مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ڕزگاری کۆمەڵ و کۆمەڵگاوە. مەرگی پیرۆز، لە ڕوانگەی ئایین و تەنانەت لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیە زەوینیەکانیشەوە، خۆ بەقوربانی کردنی مرۆڤە لە پێناوی ئەو بەهایانەدا کە بەهای گشتی و کۆمەڵایەتین. شەهادەت بەرزترین نموونەی هەڵبژاردنی مەرگی پیرۆز و گەورەترین بەهایەکە کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەپێچەوانەوە بەرزترین نموونەی هەڵبژاردنی مەرگی دزێو لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆکوژیە. لەم جۆرە هەڵبژاردنەدایە کە مەرگ ڕاست لەبەرامبەر و دژی ژیان ئەوەستێتەوە. مەرگی خۆکوژ مەرگە لە پێناوی مەرگدا، نەک لە پێناوی ئایینو بەها ئایینیو کۆمەڵایەتییەکان. لە خۆکوژیدا مەرگ و ژیان پێکەوە نەبەستراونەتەوە. لەم کردەیەدا هیچ ئومێدێک بۆ ژیانی کۆمەڵ و ژیانەوەی دووبارەی کەسی خۆکوژ نییە. خۆکوژی، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەو لەناو ئەو فەرهەنگەدا، ترۆپکی نائومێدییە بۆ هەموو جۆرە ژیان و ژیانەوەیەک. شتێکیتر کە پێویستە وەک خاڵی جیاوازی نێوان دوو جۆری هەڵبژاردنی مەرگی پیرۆز و دزێو ئاماژەی پێبکردرێ دەور و ڕۆڵی وێنا کردن و تەخەیولی داهاتووە. لە هەڵبژاردنی مەرگی پیرۆزدا تەخەیول دەوری

سەرەکی ئەبینێ. مرۆڤ لە ئێستاو واقیعی ژیانی دائەبڕێو، پشت بە داهاتوو و وێناو تەخەیولی داهاتووی ئەبەستێ. رزگاری چ وەک بەشارەتی ئایین و چ وەک مژدەی ئیدئۆلۆژیە زەوینی و حیزبە سیاسیەکان وێنای داهاتووی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵە. لە خۆکوژیدا (ئەڵبەت جگە لەو خۆکوژیانە کە پاڵنەری سیاسی و ئیدئۆلۆژیکیان هەیەو ئەچنە خانەی مەرگی پیرۆزەوە) داهاتوو و ویناو تەخەیولی ژیان لە داهاتوودا دەورێکی ئەوتۆی نییە.

ئێستا رەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کەمێکیش لە هۆکارە سەرەکییەکانی دزێوی خۆکوژی لە کۆمەڵگای ئێمەو هەموو ئەو کۆمەڵگانە کە فەرهەنگی ئیسلامی و ئایینی تیایاندا فەرهەنگی زاڵە بدوێین. هەروەها کە وترا سەرەکیترین هۆی دزیوی خۆکوژی لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا ئەگەرێتەوە بۆ بونیادی مەعریفەو تێگەیشتنی ئایینی و ئیسلامی لە بوونی مرۆڤ. بەپێی ئەو تێگەیشتنە مرۆڤ لە دوو بەشی جەستە و گیان یان قاڵب و جەوهەر پێکهاتووە. جەستەی مرۆڤ لە مادەیە و گیانی مرۆڤ وەک شتێکی مینۆکی، ئامانەتێکە کە خودا بە جەستەی ئەبەخشێ و هەر خۆشی مافی لێسەندنەوە و گەڕاندنەوەی بۆ لای خۆی هەیە. لەم فەرهەنگەدا مرۆڤ لەبەر ئەوەی کە خاوەنی گیانی خۆی نیە، مافی هیچ جۆرە مەعامەلە کردنێکی بە هەردوو باری بوون یان نەبوونی ئەو گیانە لە جەستەدا نییە. مەگەر ئەوەی کە ئەم مەعامەلە کردنە لە پێناوی ویست و داخوازییەکانی خاوەنە سەرەکییەکەیدا بێ. درێژەی ئەم باسە دیسانەوە بە ئاڕاستەی قوربانیدان و شەهید بووندا تێئەپەڕێ. خۆکوژی، هەر وەک وترا، بەم ئاڕاستەیەدا ناڕوات. خۆکوژی لە روانگەی ئایینەوە دەرکردنی گیانە لە جەستە بە بێخواست و داوای خاوەنی گیان. دیارە ئەمەش هەڵوێستێکی نارەوایە دژ بەو چارەنووسە کە لە دەرەوەی مرۆڤ دیاری ئەکرێ و، بەسەردادانەوەی ناپەسەندو بێئەخلاقانەی سەرەکیترین دیاری خواوەندە. گیان نیعمەتێکە لە نیعمەتە سەرەکییەکان و خۆکوژی کفرانی نیعمەتەو، کەسی خۆکوژ بە تەواوی مانا کافرە. گیانی تاوانباری، کە بڕیاری ناوەخت و نابەجێی بەجێهێشتنی جەستە ئەدات، ئەچێتە دۆزەخ و لەشی بەو پەڕی بێڕێزیەوە نابێ لە گۆڕستانی مسوڵمانانیدا بنێژرێ.

بێگومان ئەمە تاقانە هۆی دزیوی خۆکوژی لە کولتوورو فەرهەنگی ئایینی و ئیسلامیدا نییە. لەم فەرهەنگەدا بوون و ژیانی مرۆڤ لەم جیهانە، بوون و ژیانە لە تاقیگەیەکدا. ژیانی کورت و تێپەڕی مرۆڤ لەم جیهانە، بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەیەتی تا لەو دنیا شوێنی شیاوی خۆی بدرێتێ. بەشێک لەو تەکلیفانە کە لە ئەستۆی مرۆڤە، بەرز کردنەوەی کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی و ئایینیە کە گرنگترینیان شوکرانەبژێری و ملدانە بە جۆرو شێوازی تاقیکردنەوەکان. یەکێک لە سەرەکیترین ئەرک و تەکلیفەکانی مرۆڤ بەتایبەت لەهەمبەر

داهێنەرەکەیدا ئیتاعەت و عیبادەت و شوکرانەبژێرییە. فەرهەنگی ئایینی دەیان نموونەو هێمای بەرجەستەی هەیە بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر سەختترین تاقیکردنەوەکاندا. بە بۆچوونی ئەم فەرهەنگە خۆکوژی هەڵاتن و خۆدزینەوەیە لەم تاقیکردنەوانە.

ڕەنگە ئەم هۆیانە بەسبن بۆ دزێوی خۆکوژی لە کۆمەڵگایەکی ئایینی و ئیسلامیدا. بەڵام وێڕای ئەمانەش کۆمەڵێک هۆیتری کلتووری و فەرهەنگی بۆ دزیوی ئەم کردەیە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە. ڕاستە کە خۆکوژی وەک هەموو جۆرێکیتری قەتڵ و مرۆڤکوژی ئەوپەڕی توندوتیژییە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە دزیوی ئەم کردەیە لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا بە هۆی دزیوی توندوتیژی بزانین. چونکا تا ئێستاش کۆڵەکەی سەرەکی زۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگانە توندوتیژییە. هەموو سیستەمەکانی ئیدارەی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە سەر بونیادی توندوتیژییە. هەموو دامەزراوەکان لەسەر ئەو بونیادە کار ئەکەن و دامەزراوە فکری و فەرهەنگیەکانیش بەسەدان شێوە تیۆریزەی پێویستی توندوتیژی ئەکەن. تیۆریزەی ئەو فکرە کە بەبێ توندوتیژی بونیادەکانی پێکەوە ژیان، لە بچووکترین یەکەی ژیانی بنەماڵەییەوە تا یەکە گەورەترەکان، بەبێ توندوتیژی لێک هەڵئەوەشێنەوە. لەم کۆمەڵگانەدا ئەساسی دەسەڵات وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی لە گەڵ گیانی لێکبوردندا ناگونجێ.

ئەگەر بڵێین توندوتیژی بە دوو ئاقاری جیاوازدا تێئەپەڕێ و دوو سەرچاوەی جیاوازی هۆکاریی هەیە، خۆکوژی بەپێچەوانەی جۆرەکانیتری مرۆڤ کوژی، تەنانەت بەپێچەوانەی خۆبەقوربانی کردنیش (وەک خۆکوژی بونیادگەرە ئایینیو سیاسیەکان ) نەوەک لە دەسەڵاتداری و حەزی بۆ بەدەسەڵاتدار بوون و نەوەک لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسی یان کۆیی و کۆمەڵایەتی قاتڵ، بەڵکوو لە بێدەسەڵاتی و تەسلیم بوونی خۆکوژ بە بێدەسەڵاتیەکەی خۆی و دوور لە گەڕان بەشوێن هیچ بەرژەوەندییەکی دیارو ئاشکرا، سەرچاوە ئەگرێ.

ئەڵبەت ئەم بۆچوونە، وەک ئەنجامگیری ڕوانینێکی ڕواڵەتی، هەموو ڕاستییەکان ناگرێتەوە. ئەم باسە چ لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی دەسەڵات و چ لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی بەرژەوەندی کەسی خۆکوژ، وردبینی و قووڵبوونەوەیەکی زیاتر ئەخوازێ. بۆ ئەو مەبەستەش پێشەکی پێویستە سووکە ئاوڕێک لە بابەتی ئومێد و نائومێدی بدەینەوەو لاپەڕەیەکیتریش لە جیاوازییەکانی نێوان خۆکوژی و جۆرەکانیتری توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی هەڵبدەینەوە. هەر وەک وترا خۆکوژی تەنیا نموونەی توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی نییە. ئەوەی کە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی لە دوو دەستەی سەرەکیدا کۆئەکاتەوە، توندو تیژییەکە کە لە ئومێدەوارییەوە سەرچاوە ئەگرێ و توندوتیژیەک کە بە هۆی نائومێدی و داماویەوەیە.

ئومێد تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ داهاتوو، یان تەخەیول و وێنای داهاتوو، مانا وەرئەگرێ. بەوتەیەکیتر ئومێد چاوەڕوانی و داخوازی مرۆڤە بۆ ژیان لە داهاتوودا. جا چ ژیان لەم دنیا مادیەدا بێ چ لەو دنیا وادەپێدراوە سەرمەدییەدا. خۆکوژی وەک هەڵبژاردنی مەرگی دزیو لە کۆمەڵگای ئێمەو لە بازنەی کلتوور و فەرهەنگی ئایینیدا ئەوپەڕی دابڕانە، نەوەک هەر لە زەمانی ئێستا، بەڵکوو لە تەخەیول و وێنای داهاتووش. ئەوپەڕی دابڕانە لە سەرجەمی زەمانی مرۆڤ. نائومێدییە بۆ ژیان لە هەموو شکڵ و شێوازێکیدا. هەڵوێستە دژی دەسەڵاتی ژیان بەگشتی. دەسەڵاتی ژیان لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە چوارچێوەی سیستەمە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فکری و فەرهەنگییەکان و بەها دامەزراوو چەسپاوو وەرگیراوەکانیدا خۆی دەرئەخات. بەدڵنیاییەوە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کەسانێک هەن دژی ئەو شێوە دەرکەوتنەی دەسەڵاتی ژیان، واتە دژی ئەو سیستەم و بەهاو بایەخانە بن. جیاوازی ئەو کەسانەو کەسی خۆکوژ لەوەدایە کە ئەوان لە هەر ئاستێکی تێگەیشتن و هەڵوێست دەربڕیندا لەناو خودی بازنەی ژیان، هەوڵی گۆڕین یان تەمەنای گۆڕانی شێوازی دەرکەوتنی دەسەڵاتەکەو سیستەم و بەهاو بایەخەکانیان هەیە. بەڵام کەسی خۆکوژ لەبەر نائومێدی و هیوا بڕاوی بۆ گۆڕین یان ئیمکانی گۆڕانی ئەو سیستەم و بەهاو بایەخانە پشت لە خودی ژیان ( بەهەموو شکڵ و شێوازو خۆزگەو برياکانیەوە) ئەکات. کەسی خۆکوژ هەوڵ بۆ سڕینەوەی سەرجەمی دەسەڵاتی ژیان ئەدات و کەسانیتر تەنیا بەهیوای گۆڕانی شێوازی دەسەڵات سەپێنیەکەن. کەسی خۆکوژ لەدەرەوەی بوون و لە بازنەی مەرگدا بە شوێن ئاڵترناتیڤێک بۆ دەسەڵاتی ژیان ئەگەڕێ و کەسانیتر لەناو خودی بازنەی بوون و ژیاندا لێیئەگەڕێن. کەواتە وتنی ئەو قسە کە لە خۆکوژیدا هیچ ئومێدو دەسەڵات و بەرژەوەندیەک بۆ کەسی خۆکوژ بوونی نییە، ڕاستییەکە بەپێی مەنتیقی ژیان. بەپێی ئەو مەنتیقەیە کە ئێمە لە خۆکوژیدا ئەوپەڕی نائومێدی و بێهەڵوێستی و پشت کردن لە بەرژەوەندیەکان ئەبینین. ئێمە بۆ لێکدانەوەی ئەم چەمک و بابەتانە بمانەوێ یان نەمانەوێ ئەکەوینە مەیدانی بەراوردکاریەوە. نائومێدی کەسی خۆکوژ بەبەراورد لەگەڵ ئومێدەواری کەسانیتر. بێهەڵوێستی و پشت کردنی لە بەرژەوەندیەکان بە بەراورد لەگەڵ هەڵوێست و بەرژەوەندی کەسانیتر. غافڵ لەوەی کە خۆکوژی وەک هەڵبژاردنی ئاڵترناتیڤێک بۆ دەسەڵاتی ژیان لەدەرەوەی بوون، کەوتنە ناو مەنتیقێکە جیا لە مەنتیقی بوون. کەسی خۆکوژ بەرژەوەندی خۆی لە نەبوون و مەرگیدا ئەبینێ و بەهەڵبژاردنی مەرگیش دژی سەرجەمی دەسەڵاتی ژیان ئەوەستێ. کەواتە تەنیا لە خۆکوژیدایە کە مەرگ بەمانا ڕاستییەکەی بوونی هەیە. تەنیا مرۆڤی خۆکوژە کە بە واقیع ئەمرێ. خۆکوژی واقیعیترین تەجرەبەی مردنە. خۆکوژی ڕەنگە بەنسبەت ژیانەوە هەڵوێستێکی داماوانەو بەرکارانە بنوێنێ، بەڵام بە نسبەت مەرگەوە

کاراترین هەڵوێستە. بڕیاری خۆکوژی جەسوورانەترین بڕیارە، چونکا بڕیارێکە لە دەرەوەی هەموو ماناکانی ژیان. لە دەرەوەی هەموو ئەو بەهاو بایەخانە کە بەهاو بایەخی ژیانن و ماناکانیان لە ژیان وەرئەگرن. ئەم بڕیارە ئەگەرچی بەرئەنجامی چەشنێک مەعریفەو تێگەیشتنە کە لەژیانەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام هێچ جۆرە مەعریفەو تێگەیشتنێک بۆ ژیان داناهێنێ. پووچی یان نەهیلیزم لە ئەوپەڕی ئاستی خۆیدایە.

رەنگە ئێستاو بەسەرنجدان بەم راستییانە بتوانین پەردە لەسەر بەشێک لەهۆکارەکانی بێدەنگەی کۆمەڵگا بەتایبەت کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر بە خۆکوژی، وەک دیاردەیەکی زیاتر تایبەت بەمرۆڤی هاوچەرخ کە جیاوازە لە جۆرەکانیتری توندوتیژی مرۆڤ، هەڵبدەینەوە. بەرلەوە، پێویستە سووکە ئاماژەیەک بە پەیامە سەرەکیەکانی ئەم کردەیە بکەین. بەڕای من پەیامە سەرەکیەکانی ئەم کردە بریتین لە یەک: دەرکەوتنی مرۆڤ وەک تاکەکەس. دوو: دەرکەوتنی مەعریفەو تێگەیشتنی جیاواز لە مەعریفەو تێگەیشتنی گشتی بەرامبەر بە چەمک و بەهاو بایەخە فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان. سێ: هەڵوێستی دژ بەو سیستەمە فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە کە ئەو بەهاو بایەخانە ئەچەسپێنێ. چوار: رەخنەگریی دەسەڵاتی ژیان بێئەوەی هیچ مانایەکی تازە لە ژیان و دەسەڵاتی ژیان بەرهەم بهێنێ.

بێگومان ئەم پەیامانەو کۆمەڵێک پەیامی ئاشکراو شاراوەیتری خۆکوژی مرۆڤی هاوچەرخ، سەرجەمیان پەیامی دژکۆمەڵایەتی یان دژی بەها کۆمەڵایەتیە وەرگیراوەکانن. بەڵام ئایا ئەم پەیامانە ئەتوانن پاساو بۆ بێدەنگەی کۆمەڵ و خۆڵێنەبان کردنی کەسایەتیە فکری و فەرهەنگیەکان و دامودەزگا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان بدەنەوە؟

بێدەنگەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا لە ئاست ئەم دیاردەیە، نەوەک هەر نیشانەی ئیفلیجی و دەستەوەستانیە لە بەرامبەر کردەو هەڵوێستێکی دژ کۆمەڵایەتی، نیشانەی ئیفلیجی و دەستەوەستانیە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لە مانا و پەیامەکانی ئەم کردەو نیشانەی ئیفلیجی و دەستەوەستانیشە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە فکری و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیە، بەبارێکدا کە تاکەکان ناچار نەبن لەدەرەوەی بازنەی بوون و ژیان بە شوێن ئەڵترناتیڤی ئەو سیستەمەدا بگەڕێن.

بەدڵنیاییەوە هەموو خۆکوژییەک و خۆکوژی هەموو کەس وەک یەک و لە یەک ئاست و رادەیەکی ئاشکرادا هەڵگری ئەو پەیامانە یان تەنانەت بەشێک لەو پەیامانە نین. راستە هەموو خۆکوژییەک، یان هەموو بڕیارێکی خۆکوشتن لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی جیاواز لەتێگەیشتنی گشتی بۆ ژیانە، بەڵام ئاست و ئاراستەی تێگەیشتن و چۆنیەتی جیاوازیەکەی لە تێگەیشتنی گشتی، لای هەموو ئەو کەسانە کە خۆیان ئەکوژن نەوەک هەر چونیەک نییە، بەڵکوو زۆر جار

ئاسمان و ڕیسمانە(١). لێرەدا بێئەوە بچینە ناو مەیدانی لێکدانەوەی جیاوازییەکانی ئاست و ئاراستەی تێگەیشتنەکان کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر ئەگۆڕێ، بەم پرسیارە ئاوڕی دووبارە لەمەبەستی سەرەکی نووسینەکە، کە خۆسووتاندنی ژنانە ئەدەینەوە. خۆسووتاندنی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا چەندەو لە چ ئاستێکدا هەڵگری ئەو پەیامە سەرەکییانەیە کە بۆ خۆکوژی مرۆڤی هاوچەرخ ناوبردە کران؟

لێدوان لە بارۆدۆخ و پلەو پایەی ژن لە کۆمەڵگای وەک کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستی بە گەلێک لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەو تێرو تەسەلی مەیدانی هەیە. ژن وەک نیوەی کۆمەڵ، مرۆڤی ناو دوو کێشەی سەرەکییە کە لەدوو جۆرە زوڵم و بێدادی هاوتەریب و هاوکاتەوە سەرچاوە ئەگرێ. یەکەمیان زوڵم و بێدادێکی گشتی کە بە کۆی مرۆڤی بن دەست و بێدەسەلاتی کۆمەڵگا ڕەوا ئەبیندرێ و زۆرینەی هەرەزۆری جەماوەر، بە ژن و پیاوو پیرو منداڵەوە، ئەگرێتەوە. دووهەمیان زۆڵم و بێدادێک کە بە هۆی ژنبوونیەوە بەسەریدا ئەسەپێ. وەک ڕەگەزی بندەست و ناتەواو، نەوەک هەر حسابی مرۆڤی دەرەجە دوو، بەڵکوو حسابی مرۆڤی دەرەجە سفریشی بۆ ناکرێ. ئەم بێدادە دێرین و مێژووییە چەسپاو و دامەزراوە، تا ئەوکاتە کە لەلایەن خودی ژنانەوە پەی پێنەبردراوە هیچ کێشەیەکی جیدی دروست ناکات. کێشەی ژن، چ وەک کێشەیەکی تاکە کەسی و چ وەک کێشەیەکی گشتی و کۆمەڵایەتی، ئەوکاتە سەرهەڵئەدا کە ژن پەی بە بوونی خۆی و تواناکانی و مافە لێزەوت کراوەکانی ئەبات. کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا وەک هەموو کێشەیەکیتر کۆرپەی دایکی تێگەیشتن و مەعریفەتەو، ئاستی کێشەکەش لە هەردوو ڕەهەندی تاکی وکۆمەلایەتیدا بە قەدەر ئاستی تێگەیشتنەکەیە. کێشەی ژن بەرلە هەموو شتێک کێشەیەکە کە لە ناتەبایی نێوان تێگەیشتنێکی تازەی شەخسی و تاکەکەسی لە بوونی خۆی، لە تواناکانی، ئەرکو بەرپرسیەکانی، لە جێگەو ڕێگەی لە بنەماڵەو کۆمەڵگاداو، تێگەیشتنێکی گشتی و وەرگیراوی کۆمەڵگاوە سەرچاوە ئەگرێ. کەواتە ئەم کێشە بەرلە هەموو شتێک کێشەی شوناسە. «من ئێستا ئەو کەسە نیم کە پێشتر بووم. من کەسێکیترم.» ئەم وتنە ڕوو لەهەرکەس بێ، لە لایەن کۆمەڵەوە کە بوون و شوناسی لەسەر ئەساسی تێگەیشتنە مێژوویی و چەقبەستووەکانی دامەزراوە، وەرناگیرێ. وەرگرتنی ئەم بوونە تازە لەلایەن کۆمەڵگاوە تەنیا وەرگرتنی شوناسی تازەی ژن، یان تەنانەت ژنێکی تایبەت نییە، بەڵکوو ڕەتکردنەوەی کۆی شوناسی مێژوویی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگایە. بەوپێیە کێشەی ژن تەنانەت وەک کێشەیەکی شەخسی و تاکەکەسیش، کێشەی ژنێک لەگەڵ مێرد، برا، باوک یان هەموو بنەماڵەکەی نییە، کێشەی تاکە لەگەڵ سەرجەمی شوناسی گشتی کۆمەڵ. ئەم کێشە تاکەکەسیە لە هەر ئاستێکیدا، لەبەر جەوهەری

کۆمەلآیەتی بوونی و لە بەر ئەو هەڕەشە ترسناکە کە لە سەرجەمی شوناسی کۆمەڵی ئەکات، بە توندو تیژترین شێوە، نەوەک هەر لە لایەن کەس یان بنەماڵەیەکەوە، بەڵکوو لە لایەن سەرجەمی کۆمەڵ و هەموو دامودەزگاکانیەوە، لەگەڵیدا رووبەڕوو ئەبنەوە. کەواتە کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا ( بەتایبەت لەوکۆمەڵگانەدا کەمەجالی دەرکەوتنی وەک کێشەیەکی گشتی و کۆمەلآیەتی لە سەر زەمینەیەکی عەقلآنی بۆ نارەخسێ) تەنیا کێشە لە گەڵ پیاو یان دەسەلآتی پیاو نیە، بەڵکوو کێشە لە گەڵ ژیانێکدایە کە هەموو دەسەلآتەکەی دژ بەو تێگەیشتنە تازە، دژ بەو بوون و شوناسە نوێیە، ئەخاتە گەڕ. لە خۆوە نییە کە ئەم بوون و شوناسە، زۆر جارو لە زۆر حاڵەتدا بوون و شوناسێکی تەرە و تەنیاو خەمۆک و نائومێدە. ئەم تێگەیشتنە نوێیە زۆرجار لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمە، بە باری وەها نائومێدیەکدا ئەشکێتەوە کە کارەساتی وەک دابڕانی ئێجگاری لە ژیان و خۆکوژی و خۆسووتاندنی لێ بکەوێتەوە. کاتێک کێشەی تاکەکەسی ژن هیچ مەجاڵێکی بۆ بوون بە کێشەی کۆمەلآیەتی، واتە دەرکەوتنی لە قەوارەیەکی گشتی و سازکردنی بزاڤێکی کۆیی و کۆمەلآیەتی ـ هەروەها کە ئێمرۆ لە زۆر شوێنی دنیا و بەتایبەت لە ولآتانی پێشکەوتوو بەرەو پێشکەوتندا وەها بزاڤێکی ژنان لە ئارادایە ـ بۆنارەخسێ، کاتێک لەم کۆمەڵگایەدا کە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتووە بەوپەڕی توندو تیژیەوە لەگەڵ هەموو جۆرە تێگەیشتنێکی نوێی ژنان رووبەڕوو ئەبنەوە، هەموو دەرووەکان لە سەر پەرەسەندنی ئەم تێگەیشتنەو نزیکی و یەکگرتنی ژنان و سەرهەڵدانی بزاڤێکی ژنانە کوێر ئەکرێنەوەو، لە مانەش گرینگتر بزاڤە کۆمەلآیەتی فەرهەنگی و سیاسیەکانیتری کۆمەڵگا هیچ بەهایەکی پێویست بەم تێگەیشتن و بوون و شوناسە تازەیەی ژن نادەن و وێڕای دروشم و راگەیاندنەکانیان هەوڵی بە لاڕێدا بردن و بە پاشکۆ کردن و زێتر شەمزاندنی ئەدەن. سەیر نییە کە ژنان تووشی وەها نائومێدی و دڵساردی و خەمۆکییەکی کوشندە بین. نائومێدیەک کە ئەگەرچی لە ئەنجامی جۆرێک تێگەیشتنی تازەی عەقلآنیەوە سەرهەڵئەدات، بەلآم بە باری پشت کردن لەو تێگەیشتنە عەقلآنیە ئەشکێتەوە.

خۆکوژی هەر وەک وترا، کردەیەکی دژ عەقلآنی و وێرانکارە کە هیچ جۆرە عەقڵیەت و مانایەکی تازە بەرهەم ناهێنێ. هیچ ئاوەدانیەکی لێ دەرناکەوێ(٢). لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە . ئایا خۆسووتاندنیش، بە تایبەت خۆسووتاندنی ژنانیش ئەو ساواقی بێمانایییەیە؟ ئایا خۆ سوتاندنی ژنان تەنیا جۆرێکە لەجۆرەکانی خۆکوژی؟

بە بڕوای من خۆسووتاندن وەک جۆرێکی تایبەت و تەنانەت جیاواز لە جۆرەکانی تری خۆکوژی ، خوێندنەوەیەکی تایبەت و تا رادەیەک جیاوازیش ئەخوازێ. لێکۆڵینەوە لە هۆی هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوشتن بەتایبەت لە لایەن ژنانەوە بە هەر بۆنەو بیانوویەک و لە

ئەنجامی هەر پاڵنەرێکی دیارو ئاشکرا، پەردە لەسەر کۆمەڵێک هۆو پاڵنەری شەخسی و کۆمەڵایەتی شاراوەش هەڵئەداتەوە، کە بێناسین و خوێندنەوەی ئەو هۆو پاڵنەرە شەخسی و کۆمەڵایەتییانە هیچ هەنگاوێک بۆ ناسینی هۆکارە سەرەکییەکانی خۆسووتاندن و هەوڵ بۆ نەهێشتنی زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی ژنان بەرامبەر بە خۆیان و بەرامبەر بەسۆزو هەستی کۆمەڵگاش، هەنگاوی سەرکەوتوو نابێ.

٣

هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئاگر بۆ خۆکوشتن بە پێچەوانەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی هەموو جۆرە کەرەسە و ئامێرێکی تری وەک پەت بۆ خۆهەڵواسین، گوللە بۆ مێشک پژاندن، ژەهرو گازو مادەی بێهۆشکەرو تەنانەت مانگرتن لە خواردن و خواردنەوەش، کە هەموویان هەڵبژاردنی ئاسانترین و رەحەت و بێئازارترین جۆری خۆکوشتن و رزگاربوونی مرۆڤن لە چنگی بوون و ژیان، هەڵبژاردنی بەئازارترین جۆری مردنە. داڵغەی مرۆڤی خۆکوژ لە هەڵبژاردنی جۆرەکانیتری خۆکوژی، جگە لە خۆسووتاندن، داڵغەی پشت کردن لە گیانە. لەم جۆرە خۆکوژییانەدا ئەوەی کە نەفرەتی لێئەکرێ و هەوڵ بۆ وازلێهێنانی ئەدرێ گیانە. لە خولیاو تەخەیوڵی ئەوکەسە کە بەم شێوازانە خۆی ئەکوژێ کەمتر جەستە بوونی هەیە. بەڵام بە پێچەوانەوە نەفرەتی مرۆڤی خۆسووتێن نەوەک هەر نەفرەتە لە گیان، نەفرەتە لە جەستەش. خوزگەی مرۆڤی خۆسووتێن لە گەڵ ئەوەی کە خۆزگەی رزگاربوونە لە گیان، خۆزگەی رزگار بوونیشە لە جەستە. لە خولیاو خەیاڵی مرۆڤی خۆسووتێندا بۆ ساتەوەختی خۆکوژی، جەستە ئامادەییەکی دیاری هەیە. لە خۆوە نییە کە خۆکوژی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە زۆری خۆسووتاندنە. کاتێک وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە کێشەی ژن لەکۆمەڵگادا بە زۆری کێشەیەکە کە لەجەستەیەوە سەرچاوە ئەگرێ. جەستە لەم کۆمەڵگانەدا دیارترین نیشانەی ژن بوونی ژنەو نمایشی ژنانەیی ئەکات. هەموو ئەو تاوانانە کە بەرامبەری ئەکرێ بە هۆی جەستەوەیەتی. هەموو ئەو ناتەواویانە کە پێی ڕەوائەبیندرێ و ئەیدرێتە پاڵ، زیاتر لە ناتەواوی هزری و هەستیی و... ناتەواوی جەستەیە. ناتەواویە هزری و هەستییەکانیشی ئەدرێتە پاڵ ناتەواوی جەستەیەوە. کاتێک ژن بیر لەوە ئەکاتەوە وەرگرتن و وەرنەگرتنەکانی لە لایەن کۆمەڵەوە، بەتایبەت لە لایەن رەگەزی بەرامبەریەوە، وەرگرتن و وەرنەگرتنە لەبەر جەستە، ئەوسا زیاتر لە هۆی هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوژی و نەفرەت کردنی لە جەستەو ناحەز کردنی جەستەی ئەگەین. هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوژی، یان خۆسووتاندنی ژنان هەروەک وترا بەچەشنێک بڕیاری نەفرەت کردنە لە جەستە وەک خەوشی بوون. جەستە بۆ ژن

ڕێگرێکی سەرەکییە لەبەردەم بەمرۆڤ بوون، یان وەرگرتنی ئەو شوناسە نوێیەی کە لەئەنجامی تێگەیشتنێکی تازەیدا دەرئەکەوێ. لەم جۆرە کۆمەڵگانەی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا، مرۆڤ بەرلە مرۆڤ بوونی ژن یان پیاوە. بەزمانێکیتر ئەوە ژن بون یان پیاو بوونی مرۆڤە، کە بەرلە تواناکانی جیگە و ئاست و رادەی مرۆڤ بوونی لەکۆمەڵگادا دیاری ئەکات. ژن یان پیاو بوون وەک سەرەکیترین فاکتەری شوناس بۆ وەرگرتن و بۆ دیاری کردنی جیگەی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنێکە لە سەر بونیادی روانینی بەرهەست و عەینی. ( قۆناغی یەکەمی ناسین . قۆناغی کۆنکرێت ) کەواتە ئەوەتەنیا جەستەیە کە نمایشی رەگەز و لە ئاستێکیتردا نمایشی بوون ئەکات .

هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوژی ژنان جگە لەمانەش هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی تایبەتیترە کەپەیوەندی بە خودی هەڵبژێردراوەکە، واتە ئاگرو، تایبەتمەندیە دیارو شاراوەکانی و دەوری (ئاگر) لەژیانی بەرهەست و نابەرهەستی مرۆڤ و بە گشتی پەیوەندی بە سەرجەمی ئەو مانایانەوە هەیە کە ئاگر لە ناخ و جەوهەری خۆیدا هەڵیگرتوون. هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوشتن ئەوەندەی کە پەیوەندی بە دەور و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و دەروون شیکاری کەسی خۆکوژ یان خۆسووتێنەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە دەروون شیکاری خودی ئاگرەوە هەیە. باشلار رەنگە یەکەم کەس بێ بەپێچەوانەی کەسانێکی وەک فرۆید کە لە دەروون شیکاری مرۆڤەکان ئەفکرن و ئەکۆڵنەوە، لە دەروون شیکاری شتەکان (چوار شتی سەرەکی، ئاو ـ با ـ خاک و ئاگر) بەتایبەت ئاگر ئەکۆڵێتەوە و لە کتێبێکیدا بەناوی «دەروون شیکاری ئاگر» لێدوانێکی تێر و تەسەل لەسەر ئەو بابەتە پێشکەش ئەکات. ئەم ئەدیب و فەیلەسووفە فەڕانسەییە لە سەرەتای بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەم شێوە لە ئاگر ئەدوێ: «ئاگر دیاردەیەکی شازە کە توانای شەرح و گێڕانەوەی هەموو شتێکی هەیە. ئەگەر ژیان نمایشی هەموو ئەو شتانە ئەکات کە گورج و بەپەلە ئەگۆڕێن، ئەوە ئاگرە کە ئەتوانێ گۆڕانی گورج و بەپەلەی ئەو شتانە بگێڕێتەوە... ئاگر وەک بوونێکی ئەوپەڕی گیاندارو ئێجگار زیندوو، لە لایەکەوە شەخسی و خۆیی و دەروونییە، لە لایەکیترەوە گشتی و تێگڕاییە. لە دڵی ئێمەدا ئەژی و لەئاسماندا ئەژی. لە ناخی جەوهەرەوە سەرهەڵئەداو لە شێوەی عەشق دەرئەکەوێ. ئاگر شاراوە و کۆ وەک نەفرەت و قین ئەخزێتە دەروونی شتەکانەوە. لە ناو هەموو دیاردەکاندا ئاگر تەنیا دیاردەیەکە ئەتوانێ زۆر بەئاشکرا دوو جۆرە ئیعتباری دژبەیەک وەربگرێ. واتە هەم نمایشی خێر بکات هەم شەڕ. لە بەهەشتدا بدرەوشێتەوەو لەدۆزەخدا بسووتێنێ... » بەم بۆچوونە رووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئاگر، لە سەرەتای بوونیەوە تا ئێستا، رووبەڕوو بوونەوەیەکی دوو پۆ و هەستی مرۆڤ بەرامبەر بە ئاگر هەستێکی دژوازە. ئاگر لە لایەکەوە

تین و گەرماو رووناکی بڵاو ئەکاتەوە، رەمز و هێمای پاککردنەوەو سڕینەوەی هەموو خەوشێکە، مەیلی جنسی و سێکس و سۆزو عاتفە ئەبزوێنێ. (بەتایبەت لە لای ژنان، چونکە ئاگر بەپێچەوانەی ئاو نێرە) لەلایەکیترەوە ئەسووتێنی (لەش ئەسووتێنێ کە خەوشی گیانە) مرۆڤ لەلایەکەوە حەزی لێئەکات و بەرەوپیری ئەچێ، لەلایەکیترەوە لێی ئەترسێ و لێی دوورئەکەوێتەوە. ئەم دوو بەها دژوازەی ئاگر لە لای مرۆڤ، یەکەمیان سەرچاوەی لە مەعریفەتی زەینی و تاکە کەسیدایە و دووهەمیان لە مەعریفەت و تێگەیشتنی عەینی و تەجرەبەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە ئەگرێ. ئاگر دەور و جێگەو پێگەیەکی وەهای لە ژیانی کۆمەڵ و وشیارو ناوشیاری مرۆڤدا هەیە کە لێدوانی تێروتەسەلی لە تاقەتی ئەم نووسینەدا نییە. ئەوەی کە لێرە پێویستە ئاورِی لێبدرێتەوە دوو گرێ لە چوار گرێیە (٣) کە باشلار یەکەم کەسە پەی پێبردوون. گرێی پرۆمتە و ئامپدۆکلێس (empedokles) کە راستەوخۆتر ئەمانبەنەوە بۆ سەر زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی خۆسووتاندن.

ئاگر بە وتەی نووسەری «دەروون شیکاری ئاگر» زیاتر لەوەی کە بوونێکی سروشتی بێ، بوونێکی کۆمەڵایەتییە. ترس لە ئاگر ترسێکی جەوهەری و سروشتی نییە، بەپێچەوانەوە ترسێکە لە کۆمەڵگاوە بە مرۆڤ ئەگات. یەکەمین ناسیاوی مرۆڤ لە گەڵ ئاگر، لە نەهێشتن و بەرگری باوکەوە بۆ لێنزیک بوونەوەی دەست پێئەکات. بڤە، هەرِەشەیەکی ترسناکی سەردەمی منداڵی و گاگۆڵکە کردنە کە یەکەمین سنوور بەدەوری ئازادی مرۆڤدا ئەکێشێ. بڤەی ئاگر، بڤەی نەهێشتنی نزیک بوونەوە لە هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ حەز بە لێنزیک بوونەوەیان ئەکات. بەوپێیە یەکەمین مەیلی نافەرمانی و پشت کردن لە سەدو سنووره دیاریکراوەکانی باوک، مەیلی نزیک بوونەوەیە لە بڤەی ئاگر. نافەرمانییەکی زیرەکانە کە بە ئەنجامی ناسین و تێگەیشتنی شەخسی لە ئاگر ئەشکێتەوە. ناسینێکی هاوڕێ لە گەڵ ئێش و ئازار. ئێش و ئازاری سووتان و لەهەمان کاتیشدا تەمێ کردنی باوک. باشلار مەیلی بۆ ئەم نافەرمانییە، کە مەیلی ناسین و مەعریفەی بەئازارە، بە گرێی پرۆمتە ناوبردە ئەکات. پشت کردنی منداڵ لە ئەمری نزیک نەبوونەوە لە ئاگر بە دزینی ئاگر لە باوک ئەشوبهێنێت. بەم بۆچوونە خۆسووتاندنی ژن یان هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوشتن، نەوەک هەر سەرپێچی کردنە لە ئەمرو خواستی باوک، بەڵکوو دزینی ئاگرە لە خاوەنەکەی، کە خاوەنی وەجاخی (ئاگردان) ماڵە. ئافرەت بە هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوشتن دواهەم سەرپێچی کردنی لە ئەمرو خواستی باوک، برا، مێرد یان بە گشتی، پیاوانی کۆمەڵ و کۆی ئەو سیستەمە فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە کە سیستەمێکی پیاو سالارەو، دەسەڵاتی ژیان کە دەسەڵاتێکی پیاوانەیە، بە یەکەم سەرپێچی کردنیەوە ئەبەستێتەوە. بەوپێیە خۆسووتاندنی ژن کە بەرئەنجامی پشت

هەڵکردنی نائومێدانەیە لەواقیعی ژیان، لە راستیدا گەڕانەوەیەتی بۆ تاف و سەردەمی منداڵی و کردنی یەکەم کاری نەکردووی، کە بێئەمری باوک یان خاوەنی وەجاخی ماڵە. ژنی خۆسووتێن لەم گەڕانەوەو پێداچوونەوەی بە سەرەتای ژیانیدا، زیئۆس ئاسا ئاگر لە خاوەنەکەی ئەدزێ و بە هەموو مانا خۆی ئەکاتە خاوەنی. بەم شێوە خۆسووتاندنی ژن بە پێچەوانەی جۆرەکانیتری خۆکوژی کە پشت هەڵکردنی ڕەهایە لە دەسەڵاتی ژیان و تەسلیم بوونی ئێجگارەکیە بەمەرگ، وەها کە لەبازنەی ژیاندا بەرهەم هێنەری هیچ مانایەک نەبێ، گەمەیەکە لەناو دەسەڵاتی ژیاندا و مانایەکی لێ ئەکەوێتەوە کە هەڵوەشاندنەوەی بونیادی دەسەڵاتی ژیانە. پەیامی خۆسووتاندن لە پشت ئەو نائومێدی و تەسلیم بوونەشەوە، دزینی ئاگر و خۆبەخاوەن کردنی هەر دوو لایەنی سووتێنەرو ژیانبەخش، ئازاردەرو شادی بەخشیەتی. ئەگەر پیاو بە درێژایی مێژوو هەوڵی بۆ خۆبەخاوەن کردنی لایەنی خێری ئاگری داوە، ژنی خۆسووتێن ئەبێتە خاوەنی خێرو شەڕی ئاگر. رەنگە تێگەیشتن لەو راستیە بۆ ئێمە دژوار بێ، چما ئێمە لە پشت «شەڕ»ی خۆسووتاندنی ژنەوە جگە لە نائومێدی و تەسلیم بوون و توندوتیژی بەرامبەر بەخۆی و هەست و سۆزی کۆمەڵ، هیچ «خێر»ێک بەدی ناکەین. خێرێک کە لە وشیار بوونەوەی ژن بەرامبەر بەخۆی و دنیای دەوروبەری و لە هەڵوێستی رەخنەگرانەی دژ بە دەسەڵاتی پیاو سالاری ژیانەوە سەرچاوە ئەگرێ.

گرێیەکی تر کە باشلار لە هەمان کتێبدا ئاماژەی پێئەکات ـ گرێی ئامپدۆکلێس ـ لەم سیفەتە دوو لایەنەو دژبەیەکانەی ئاگرەوە سەرهەڵئەدات. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە هەم خەون ئەبینێ و هەم خەیاڵ ئەکاتەوە. خەون و خەیاڵی مرۆڤ دوو بابەتی گرینگی لێکۆڵینەوەی دەروون ناسی و دەروون شیکارین. خەیاڵ بەپێچەوانەی خەون، کە ئاڵۆز و بێناوەندە، زیاتر لە سەر شتێک یان بابەتێک کۆئەبێتەوە. خەیاڵبردنەوەی مرۆڤ لە پەنا ئاگر و وردبوونەوەی لە سەمای گڕو بڵێسەکان، خۆشترین و لە هەمان کاتدا ناوەندارترین جۆری خەیاڵبردنەوەیە. خەیاڵبردنەوەی گوێ ئاگر هەمیشەو لە هەموو حاڵەتێکدا هاوڕێیە لەگەڵ ئاسوودەیی هێمنی و پشوودان. رەنگە کەس نەبێ بە پێچەوانەی ئەمەوە بیر بکاتەوە، چونکا کەس نییە کە چێژی لە خەیاڵبردنەوەی گوێ ئاگر و ئاگردان نەبینیبێ. خەیاڵبردنەوەی گوێ ئاگردان بە وتەی باشلار هەندێک تەوەرەی فەلسەفیشی هەیە. «ئاگر نمایشکەری گەشت و جمەی گورجی زەمان و ناپایداری جیهان و پەڕینەوە لە فەنا بۆ بەقایە.» کەواتە خەیاڵبردنەوەی گوێ ئاگر گرێیەک ساز ئەکات کە خۆشویستنی ئاگرو ترس لە ئاگر، غەریزەی ژیان و غەریزەی مەرگ تێکەڵ و ئاوێتە ئەکات. لە ساتەوەختی خەیاڵبردنەوەی گوێ ئاگردان و وردبوونەوە لە ئاگر «عەشق و مەرگ و ئاگر یەک ئەگرنەوە. ئەوەی تێپەڕ و سپەنجیە بە قوربانی کردنی خۆی لە

قوربانگەی بڵێسەدا، ئەبێتە هێماو نموونەی نەمری... ئاگر ئەسووتێنێ و ئەمرێنێ. مردنێکی تەواو و کەماڵ، بێئەوە هیچ لە خۆی ـ لەجەستە ـ بهێلێتەوە. ئەم مەرگە ئەبێتە زامنی چوونی مرۆڤ بۆ جیهانێک کە لەو جیهانەدا مەرگ بوونی نییە.» دیسان بەوتەی باشلار، لە مەرگی بە ئاگردا مرۆڤ «هەموو شتێک ئەدۆڕێنێ بۆ ئەوەی هەموو شتێک بەدەست بێنێ. ئەمە ئەو حیکمەتەیە کە ئاگر فێری مرۆڤی ئەکات: دوا ئەوەی کە لە هەموو رێیەکی نەرم و عاشقانە، یان توندوتیژ و دەمارگرژانەوە هەموو شتێکی وەدەست هێنا، ئەکرێ هەمووی لە دەست بداتەوە و بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی نەبوون.»

ئەڵبەت ئەبێ ئەوەش بگوترێ، ئەم گرێیە لە لایەکەوە لەسەر بونیادی خەیاڵ و لە لایەکی ترەوە بەئاشکرا داڵغەی نەمری و ژیانی هەتا هەتایی پێوە دیارە، لە گەڵ ئەو مەنتقەدا وا پێشتر بۆ تەسلیمبوونی ڕەهای خۆکوژ بە مەرگ و نەبوونی خەیاڵ بۆ داهاتووی دوامەرگ باسی لێکرا، دژوازە. لە پاساوی ئەم دژوازیەدا ئەشێ دوو بۆچون دەرببڕدرێ. یەکەمیان جیاوازی پاڵنەرەکانی خۆکوژی و خۆسووتاندن و مانا و مەبەستەکانیانە. ئەگەر خۆکوژی هەڵبژاردنی مەرگی ڕەها و سەرچاوەی لەنەهیلیزم و پووچیەوە بێ، خۆسووتاندن بە پێچەوانەوە گەمەیەکە لەناو ژیاندا و هەوڵێستێکە دژ بەدەسەڵاتی ژیان بەو واتایە کەلەمەوبەر باسی لێکرا. دووهەم پاساوی ئەم دژوازییە ڕەنگە بۆ ئاڵۆزی دەروونی مرۆڤ و ئاڵۆزی کاریگەری ئاگر لەسەر وشیار و ناوشیاری مرۆڤ بێ. بێگومان مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەنییە کە ئەم گرێیە ـ و هەر چواری ئەو گرێ دەروونیانە کە باشلار لە کتێبەکەیدا ناویان ئەباو شەرحیان ئەکات ـ بە تایبەتمەندی ژن، یان ژنی خۆسووتێنی بزانین. بەڵام بە سەرنجدان بە واقیعی ژیانی ژنان، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە زیاترین و نزیکترین پەیوەندی و نزیکایەتیان لە گەڵ ئاگرو ئاگردان‌دا هەیەو، زیاتر لە هەموو شوێنێک لە گوێ ئاگرو ئاگردانی ماڵەکانیان بە خۆیاندا ئەچنەوەو بەر بۆ خەیاڵیان شل ئەکەن، کاریگەری ئەم گرێیە لەسەر بڕیاری خۆسووتاندن، کاریگەرییەکی جیدی و شایانی لێکۆڵینەوەیە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لەم روانگەوەیە کە پەردە لەسەر رازی هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوژی ژنان و جیاوازیەکانی مانای خۆسووتاندن لەگەڵ بێمانایی جۆرەکانی تری خۆکوژی هەڵئەدرێتەوە. ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە لەخوێندنەوەی بابەتێکی وەک خۆکوژی یان خۆسووتاندن هیچ ئاراستەیەکی خوێندنەوە تەنیا و قەتعیترین ئاراستە نییە. هەروەها کە کاریگەری هیچ رەگەزێکی کارلێکردوو لەسەرچۆنیەتی هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆسووتاندن کاریگەریەکی ڕەها نییە. توند و تیژی مرۆڤ دەرهەق بەخۆی و بەتایبەت لە ساتەوەختی هەڵبژاردنی مەرگ و هەڵبژاردنی ئاگر بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستە کردەیەکە کە ناتوانین بە پشت بەستن بە هیچ

مەنتقێکی تاقانە و هێچ جۆرە خوێندنەوەیەکی قەتعی کە هەڵگری هەموو هەقیقەتی کردەکە بێ لە هەمـوو رەهەندە دیار و شـاراوەکـانی بگەین. تەنانەت خـودی کـەسـی خـۆسـووتێنیش کـە خـاوەنی تەجرەبەکەیە توانای دەرخـسـتنی هەمـوو ئەو رەهەندانەی نییـە. خـۆسـووتاندنی ژنان توندو تیژیەکە لەبالاترین پلەی ئاڵۆزیدا. ئێمە لە بەرامبەر ئەم ئاڵۆزیەدا وێڕای ترس و هەراس و حەپەسـان ، وێڕای تەقەلایەکی متوازعانە بۆ خوێندنەوە و ئاشکرا کردنی سووچێکی هەرە بچووک لە هۆکارەکانی، پێویستە لەخۆمان بپرسین : ئێمە لەکوێین ئەو کاتە کە ژن ، نەک هەر لەخەونەکانماندا بەڵکو لە واقیعی ژیانیشماندا ئەبێتە گلۆڵە گڕێک لە حەوشەو حەسارێکی بچووکدا ...

## پەراوێزەکان

١ـ بۆ نموونە خـۆکـوشـتنی مـێـرمنداڵێک بە پاڵنەری سـادەو ئاسـاییـەوە لەگـەڵ خـۆکـوشـتنی رۆشنبیرانێکی وەک هەمینگۆی، ڤۆلف و هیدایەت چونیەک هەڵگری ئەو پەیامە سەرەکییانە نین کە ناوبردەکران.

٢ ـ ئەم گوزارەیە زۆر جارەو دووبارە ئەکرێتەوەو تەنانەت گەلێکجار وەک خوازەیەکیش بۆ هەموو کردەیەکی نائومێدانەی تاکی و کۆیی سیاسی و کۆمەلایەتی بەکار دەهێندرێ. لە کۆمەڵگای ئێمەدا نموونەی ئەم شێوە خۆکوژیە خوازەییەی کەس و جەرەیانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکان لەدۆخی دابڕان و هیوابڕاویداکەم نییە.

٣ ـ دوو گرێکەیتر بریتین لە:

یەک: گرێی نۆڤالیس novalis کە بریتییە لە مەیلی مرۆڤ بۆ ئاگرێک کە لە لێکهەڵسووانی شتەکان دەردەکەوێ. واتە لە پێویستیی گەرمای هاوبەش ، گەرمایەک کە دوو لەش بە یەکتری دەبەخشن.

دوو: گرێی هۆفمەن hoffmann کە بە هۆی تایبەتمەندی نووسینە وەهمییەکانی هۆفمەنەوە ناو نراوەو، باشلار سەرچاوەی ئەم جۆرە شێعر و ئەدەبە وەهمییە بە کاریگەری شەراب و ئەلکهول دەزانێ.